جیهانێتی و جیهانگیری

نوسینی
ئەلسەید یاسین

وەرگێڕانی
ئەحمەد قادر سەعید



Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان



- ناوی کتێب: جیهانێتی و جیهانگیری
- نووسەر: نەسرەدین یاسین
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەحمەد قادر سەعید
- پیتچنین: سەربەست عومەر
- دیزاینی ناوەرۆک و بەرگ : زانا کەمال
- مۆنتیژ: نەهرۆ شەوقی
- تیراژ: ١٠٠٠
- زنجیرە: ١٧٢
- چاپخانە: شڤان
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٥١٨) ساڵی (٢٠٠٧)

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

سەرەتایەکی کورت

سەدەی بیستەم، بە هەموو ئەو گۆڕانە ریشەییانەی لە جیهانی شارستانێتیدا هێنایە ئاراوە، رێگای لەبەردەم سەدەیەکی نوێ واتە سەدەی بیست و یەکەمدا ئاوەڵە کردەوە و مرۆڤایەتی رووبەڕووی گۆڕانی فرە مەزن کردەوە. جیهانگیری، ئەگەر لەسەدەی رابردوودا بەرەو بەرزایی هەنگاوی هەڵێنابێ، ئەوا هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا دنیا ئالۆزو پڕ لە خزمەتگوزاریەکانی ئەنتەرنێت دەشێت وەک دەسپێک بخرێتە ناو دنیا فراوانەکەی زانیاری و لەپێشەوە هەنگاوی مەزنتر بهاوێژرێت و نووسەری ئەم کتێبەش لەزۆر شوێندا ئاماژەی بۆ هەنگاوەکانی تری کردووە، ئەوەی من دەمەوێ لەو سەرەتا کورتە خوێنەری زێدە ئازیزی کوردی پێ ئاشنا بکەم پەیوەندی بەلایەنی وەرگێڕانەکەوە هەیە ئەویش بەو شێوەیە:

یەکەم: ئەم وەرگێڕانە لە دەقە ئەسڵەکەیەوە کە عەرەبیە وەرگێڕدراوە، وەرگێڕان لە عەرەبیەوە بۆ کوردی چەندین گرفتی ماناو دەستەواژەو بڕگە دێنە سەر رێ رەنگە لەگەڵ مانا کوردییەکەیاندا جۆرێک تێگیران پەیدا ببێ و ماناکە سەد دەرسەد بەکوردییەکە نەپێکێت. بۆیە هەوڵمداوە، دیارە هەوڵدانەکەشم لەرێی فەرهەنگەکانی (پەروەردەو زانست و ئەستێرە گەشەو فەرهەنگی خاڵو پرس و را بووە) هەر بۆ نموونە مانای (روونبێر)م بۆ (ثقافة)و (روونـاکبیر)م بۆ(مثقف) بەکار بردووە...لەگەڵ چەندان وشەو

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەستەواژەی تر کە خوێنەری کورد دەتوانێت لەرێی خوێندنەوەیدا جیایان بکاتەوە.

دووەم: هەوڵمداوە، چەندم بۆ کرابێ خۆم لە وەرگێڕانی دەقاودەق یان حەرفی پاراستووە، بەڵام کە ناچاربووم و ماناکەی خۆی بەدەستەوە نەدابێ، پەنام بۆ بردووە، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئاخاوتنی کوردیدا بگونجێت و خوێنەر هەست بە هەناسە سواری نەکات و لە مەبەستەکە حاڵی بێت.

من بۆ ئەم وەرگێڕانە فەرهەنگۆکێکی بچووکم ئامادە کردبوو. بەڵام بەپێی ئەوەی خوێنەرانمان چەندیێك شارەزاییان لە زمانی عەرەبیدا هەیە، بەپێویستم نەزانی بیکەمە پاشکۆیەك و شێوازی دەربڕین و گەڕانەوەی ماناکانم دایەوە دەست خۆیان و پێشم وایە لە زانستی تازەدا دەکرێت بۆ مانای وشەیەك راڤەکردن بکرێت بەپاساوولە تێگەیشتن نزیك بکرێتەوە.

سێیەم: زۆربەی بابەتەکان بەر لەهاتنی سەدەی بیست و یەکەم نووسراون و زیاتر ئامازەیان بۆ سەدەی نوێ کردووە، من ئەوەی پێویستبووبێ بابەتەکانی سەدەی نوێم لە حازردا باس کردووە، واتە ئەگەر وترابێت: (لەسالانی داهاتوودا کە دەچینە ناو سەدەی بیست و یەکەمەوە) من گوتومە: (ئێستا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمداین).

لە دواجاردا بەهیوام خوێنەرانی بەڕێز سوود لەو وەرگێڕانە وەربگرن کە بەگیانێکی زانست خوازانەی پیاوێکی خاوەن تاقیکردنەوە نووسراوە و چەندین بابەتی لەخۆی گرتووە کە بۆ داهاتووی پرۆسەی بەجیهانی بوونی گەلەکەمان لە هەموو بوارەکانی

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ژیاندا سوودی دەبێت و ئەو کاتەش من دڵخۆشدەبم کە گەلەکەم دەگاتە دوا مەبەستی و لەو رێبردوودا هەنگاوی مەزنی لێ چاوەڕواندەکرێت.

نەحمەد قادر سەعید

سلێمانی

جۆزەردانی ٢٧٠٤

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library